السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەی تۆ نیەتت بوو (پێت بەخشرا لە پاداشت) ئەی یەزید، وئەوەی بردت بۆ تۆیە ئەی مەعن

لە مەعنی کوڕی یەزیدی کوڕی ئەخنەسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: یەزیدی باوکم چەند دینارێکی دەرهێنا بۆئەوەی بیکاتە خێر، لە لای پیاوێک هەڵیگرت لە مزگەوتدا، هاتم (دینارەکانم) برد وهێنام بۆ لای (یەزید)، ئەویش ووتی: واللە نەمویست بە تۆی ببەخشم، سکاڵام برد بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیه وسلم- فەرمووی: «ئەوەی تۆ نیەتت بوو (پێت بەخشرا لە پاداشت) ئەی یەزید، وئەوەی بردت بۆ تۆیە ئەی مەعن».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

یەزیدی کوڕی ئەخنەس چەند درهەمێکی دەرهێنا بۆئەوەی بیکاتە خێر لەسەر هەژارەکان، وئەم بڕە پارەیەی لە لای پیاوێک هەڵگرت لە مزگەوتدا، مەعنی کوڕی هات وپارەکەی لە پیاوەکە برد، باوکی (یەزید) ووتی: نەمویست ئەم درهەمانە وەکو خێر بە تۆ ببەخشم، چوون بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیه وسلم- بۆئەوەی دادوەری بکات لە نێوانیاندا، پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیه وسلم- فەرمووی : (ئەوەی تۆ نیەتت بوو -پێت بەخشرا لە پاداشت- ئەی یەزید): چونکە خێرەکەت بەخشی بە هەژارێک لە هەژارانی مسوڵمانان بۆیە بە پێی نیەتت پاداشت دەدرێیتەوە. (وئەوەی بردت بۆ تۆیە ئەی مەعن): چونکە هەژار بوو وشایستەی ئەوە بوو باوکی یارمەتی بدات.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4719

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee